# هەڵەی پزیشك لە نەشتەرگەریدا لە ڕوانگەی شەریعەتی ئیسلامدا

Doi: 10.23918/ilic2020.03

م. ی. کارزان فقی خلیل کریم
زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی/ هەولێر
karzanfaqi@lfu.edu.krd

## پێشەکی

سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگار، ڕەحمەت و میهرەبانی برژێ بەسەر (محمد) و هەموو شوێنکەوتوو و یاروەرەکانی و ئومەتی تا ڕۆژی دوایی: پیشەی پزیشکی گرینگترین و هەستیارترین پیشەی مرۆڤایەتیە، بۆیە پێویستە لەسەر پزیشکان ڕێز لەم پیشەیەو گیان ولەشی مرۆڤەکان بگرن لە هەموو کات و ساتێکدا لە کاتی هەستان بە ئەرکی سەرشانیان بۆ دووربوون لە ئەنجامدانی هەر هەڵەیکدا، بۆیە هەڵەی پزیشك و بەرپرسیارەتی پزیشك بابەتێکی هەنوکەی و زیندەگی و گرنگە سەردەمە و ڕۆژ بە ڕۆژ باسکردنی لە ڕاگەیاندن بە هەموو جۆرەکانی لە زیادبووندایە و بۆتە جێگای باس لە ناو خەڵك و دامودەزگاکان و تەنانەت لەسەر ئاستی وڵات و نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکانی تەندروستی جیهانی بۆتە جێگای گفتوگۆو مشتومڕیەکی زۆرو جێگای سەرنجدان، بە تایبەتی لەم دوایانەدا گرینگیەکەی زیاتر بووە ئەویش بە هۆی ئەم هەڵانەی ڕوویانداوە لە کاتی چارسەرکردن و نەشتەرگەریدا بە تایبەتیش لەگەڵ پێشکەوتنی توکنەلۆجیاو زانستی سەردەمدا، هەروەها زۆربوونی دەرچووانی پزیشکی و نەبوونی توانایەکی کاراو ڕاهێنراو بە شێوەیەك هەندێکجار بۆتە کارەسات لە کۆمەڵگادا، لەبەر ئەم هۆکارەکانی پێشوودا پێویستە باس لە بەرپرسیارەتی پزیشك لە ئەنجامی ڕوودانی هەڵەدا لە پیشەکەیدا کە ڕوودەدات لە کاتی نەشتەرگەریداو جۆرەکان وشێوەکانی بەرپرسیارەتی پزیشك کە دابەشبووە بەسەر چەند جۆرێك ئەمەش بە هۆی پەرەسەندنی پیشەی پزیشکی و زانست و توکنەلۆجیاوە بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەولێکە بۆ ڕوونکردنەوەی واتای پیشەو هەڵەی پزیشکی و جۆرەکانی و چۆنیەتی بەرپرسیاریەتی پزیشك لە ئەنجامدانی هەڵە لە کاتی نەشتەرگەریدا، هەروەها کەی بەرپرسیاردەبێت لە هەڵەکاندا و ئەو مەرج و بنەماو پێوەرانە چین کە زانایان لە شەریعەتی ئیسلام پشتیان پێبەستووە لە دیاریکردنی بەرپرسیارەتی پزیشك لە هەر زیانێك کە ڕوودەدات لە ئەنجامی هەڵە چارەسەرکردن و نەشتەرگەریدا لە ڕوانگەی شەریعەتی پیرۆزی ئیسلامدا لەکۆتایشدا تیشك دەخەینە سەر گرینگترین دەرەنجامەکان و ڕاسپاردەکان.

## کێشەی توێژینەوە

کێشەی ئەم توێژینەوەیە خویدەبینێتەوە لە ئەنجامی ڕوودانی ژمارەیەك هەڵەی پزیشك کە ڕوویانداوە لە کاتی نەشتەرگەریدا، بۆ پاراستنی گیانی مرۆڤەکان و مافەکانیان لە کاتی چارەسەری پزیشکیدا بە تایبەتی لە کاتی نەشتەرگەریدا، چونکە هیچ کەسێك مافی زیان گەیاندنی نیە بە بەرامبەرەکەیدا بە تایبەتی لە کاتی چارەسەردا و لەلایەن پزیشکدا، بۆیە پێویستە پیشەی پزیشك پارێزگاری لێبکرێت و دوور بێت لە یاری کردن بە ژیانی مرۆڤەکان، چونکە لە بنەچەدا پیشەی پزیشك بریتیە لە ڕزگارکردن و پاراستنی ژیان ی مرۆڤەکان نەك خستنە مەترسیو زیان پێگەیاندن و لە ناوبردن.

## گرنگی توێژینەوە

گرینگی ئەمتوێژینەوەیە لەوە دەردەکەوێت کە هەوڵێکە بۆ چارەسەرکردنی بابەتێکی هەستیارەو گرینگ لە بابەتەکانی پەیوەند بە ژیانی مرۆڤایەتی لە کۆمەڵگادا ئەویش بریتیە لە پاراستنی گیان، چونکە پاراستنی گیان بە پاراستنی تەندروستی مرۆڤەکانەوە پەیوەستە، بۆیە پێویستە باس لە حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلام بکەین دەربارەی هەڵەی پزیشکی بە تایبەتی لە کاتی نەشتەرگەریدا.

## ئامانجی توێژینەوە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ ڕوونکردنەوەی واتای پیشەو هەڵەی پزیشکی و جۆرەکانی و چۆنیەتی بەرپرسیاریەتی پزیشك لە کاتی هەڵەکردندا، هەروەها کەی بەرپرسیاردەبێت لە هەڵەکاندا و ئەو مەرج و بنەماو پێوەرانە چین کە زانایان لە شەریعەتی ئیسلام پشتیان پێبەستووە لە دیاریکردنی بەرپرسیارەتی پزیشك لە هەر زیانێك کە ڕوودەدات لە ئەنجامی هەلە چارەسەرکردن و نەشتەرگەریدا.

## پلانی توێژینەوە

پێشەکی
گرینگی توێژینەوە
کێشەی توێزینەوە
ئامانجی توێژینەوە

**باسی یەکەم: خوێندنی زانستی پزیشکی و چارەسەرکردن**

تەوەری یەکەم: خوێندنی زانستی پزیشکی

تەوەری دووەم: حوکمی چارەسەرکردن لە ئیسلامدا

تەوەری سێیەم: بەرپرسیارەتی پزیشکی لە ئیسلامدا

**باسی دووەم: هەڵەو بەرپرسیارەتی پزیشك لە ڕوانگەی ئیسلامدا**

تەوەری یەکەم: مانای هەڵە لە شەریعەی ئیسلام و یاسادا

یەکەم: مانای هەڵە لە شەریعەتی ئیسلامدا

دووەم: مانای هەڵە لە یاسادا

سێیەم: مانای هەڵەی پزیشکی

تەوەری دووەم: هەڵوێستی شەریعەتی ئیسلام دەربارەی هەڵە پزیشکیەکان

یەکەم: مەرجەکانی شەریعەتی ئیسلام بۆ بەرپرسیاربوونی پزیشك

دووەم: ئەو حالەتانەی کە پێویست نیە مۆڵەت لە نەخۆش وەربگیرێ

سێیەم: بەرپرسیاربوونی پزیشك لە کاتی ئەنجامدانی هەڵەدا

## باسی یەکەم: خوێندنی زانستی پزیشکی و چارەسەرکردن

### تەوەری یەکەم: خوێندنی زانستی پزیشکی

لە پێشدا دەمانەوێت تیشك بخەینە سەر مانای پزیشك ز زانستی پزیشکی و پزیشکی و پیشەی پزیشکی:

مانای زانستی پزیشکی: بریتیە لە زانستێك بۆ ناسینی لەش و گیان لە ڕوویەك و توشبوون و چارەسەرکردنیان لە ڕوویەکی تردا[١].

پزیشك: بریتیە لەو کەسەی زاناو لێزانە بە زانستی پزیشکی و نوخۆشی و چارەسەرو ڕێگا پێدراو بێت بە هۆی لێزانی و زانایەکەی بەم زانستە بە چارەسەرکردنی نەخۆش[٢]

زانایان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی خوێندنی زانستی پزیشکی زۆر لێکردن نیە بەڵکو ( فرض کفایة) واتە ئەگەر هەندێك لە کۆمەڵگادا خوێندنیان و فێربوون و ئەنجامیاندا لەسەر ئەوانی تر پێویست ناکات لادەکەوێت، بەڵام دروست نیە هەموو تاکێك لە کۆمەڵگا وازی لێبێنن چونکە ئەم پیشەیە پەیوەستە بە ژیانی مرۆڤەکان و مانەوەی مرۆڤایەتی لەسەر زەویدا، بۆیە وازهێنانی مرۆڤەکان لە خوێندنی ئەو زانستەو فێرنەبوونی مانەوەی مرۆڤایەتی دەکەوێتە مەترسی و ڕووبەڕووی لەناوچوون دەبێتەوە.

ئیبن خەلدوم دەڵێت: پیشەی پزیشکی پێویستی مرۆڤو مرۆڤایەتی و کۆمەڵگایە، بۆیە ئەو پیشەیە بە بنەماو پێویستی ژیان دادەنرێت لە شارو شارستانیەتدا لەبەر بوونی سوود و قازانجێکی زۆری مانەوە لەسەر زەویدا، چونکە بەروبوومی پیشەی پزیشکی بریتیە لە پاراستنی تەندروستی و لەناوبردنی نەخۆشی و دەردو بەڵاو چارەسەرکردنیان[٣].

پێشەوا شافعی دەڵێت: زانستێك نازانم لە پاشی حەلال و حەرام باشترو پەسەندتر بێت لە پیشەی پزیشکی[٤].

لە جیهانی ئێستادا پیشەی پزیشکی پیشەیەکی ئارەزوومەندانەیە کەس ناچار ناکرێت بۆ فێربوونی وەکو هەر کارو پیشەیەکی تر وەك خوێندن و پیشەسازی و بازرگانی و کشتوکاڵ کردن، وە گومانی تێدا نییە ئەوەی کە شەریعەی ئیسلامی بڕیاری لێیداوە لەوەی سەپاندنێکی تەواوە و باشترین و چاکترینە بۆ کۆمەڵگاو مرۆڤایەتی، لەبەر ئەوەی بەمە دەوڵەت و کۆمەڵگە و پزیشك پابەند دەبن بە کارکردن بەم پیشەیە بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندی گشتی و زیان لێنەدان و فەراهەم کردنی هەموو هێزێك بۆ خزمەت کردنی کۆمەڵگە و مرۆڤایەتی.

لەبەر گرینگی ئەم پیشەو زانستە گرینگە گەلەزانایەکی موسڵمانان لە خزمەتی دابوونەو پەرتوکێکی زۆرو نایابیان دەربارەی نوسیوە وەکو (الحاوي في الطب ) الرازی و ( القانون في الطب) ی ابن سینا و ابن النفیس و زۆری تر.

### تەوەری دووەم: حوکمی چارەسەرکردن لە ئیسلامدا

زانایان کۆکن لەسەر پێویستی چارەسەرکردن و بگرە یەکێکە لە پێویستیە لە پێشەکانی ژیانی مرۆڤەکان، وە پشتیان بەستووە بە کۆمەڵەیەك لە فەرموودەکانی پێغەمبەر ( درودی خوای لەسەر بێت)، وەکو:

---

(١) أخلاق الطبيب رسالة لأبي بكر محمد بن زكريا الرازي إلي بعض تلاميذه ، مكتبة التراث: القاهرة،ط١، ١٣٩٧ ه-١٩٧٧ م، ص ١٨.
(٢) نيل الأوطار لمحمد بن علي بن محمد الشوكاني، دار الحديث :ط٤، ١٤١٧ ه - ١٩٩٧ م، ج ٥ ص ٣٥٣.
(٣) تاريخ ابن خلدون، للعلامة عبد الرحمن بن خلدون المغربى ، دار الكتب العلمية ، ط١، ١٤١٣ ه - ١٩٩٢ م،ج ١ ،ص ٤٤١.
(٤) ابن قيم الجوزية، محمد بن أبي بكر بن أيوب، الطب النبوي، دار الفكر للطباعة والنشر،بيروت، ص١٧١

یەکەم: ئیبن ماجە روایەتدەکات کە پێغەمبەر( درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: تداووا عبادالله فإن الله سبحانە لم یضع داء إلا وضع لە شفاء إلا الهرم[١]. چارەسەریبکەن بەندەکانی خوا، پەروەردگار هەر نەخۆشیەکی دانابێت شیفاو چارەسەری بۆ دناوە تەنها پیری نەبێت، ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر چارەسەرکردن.

دووەم: پێغەمبەر( درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: احتجم أعطی الحجّام أجر[٢]. واتە : کەلەشاخ بکەون پاداشت بدەنە کەلەشاخچیەکان. پێشەوا نەوەوی دەڵێت: ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر پێویستی چارەسەرکردن و هەروەها دروستی وەرگرتنی پاداشت لەسەر چارەسەری پزیشکی[٣].

وەزۆر لە فەرموودانی تر.

بۆیە هەندێك لە زانایان پێیان وایە وازهێنان لە چارسەرکردن لەلایەن نەخۆش بە خراپ و ناپەسەند دادەنێن و باشترە چارەسەرکردن وەك وازلێهێنانی چونکە سونەتی پێغەمبەرە( درودی خوای لەسەر بێت)، لە پەرتووکی ( مغنی المحتاج) ی (خطیبي شربیني) هاتووە: نەخۆش سونەتە چارەسەری خۆی بکات هەروەکو پێغەمبەر( درودی خوای لەسەر بێت) چارەسەریکردووە لە کاتی نەخۆشیدا و هەوەها پشتیشی بە خوا بەستووە[٤]، بۆیە پێغەمبەر( درودی خوای لەسەر بێت) چارەسەری کردووە تاکو ئێمەش دواکەوتەی کارو سونەتەکانی ئەو بین و چارەسەری نەخۆشیەکانمان بکەین و چارەسەرکردن هیچ دژایەتیەکی لەگەڵ پشت بە خوابەستن( التوکل) نیە هەروەکو هەندێك وای بۆچوونە.[٥]

**تەوەری سێیەم: بەرپرسیارەتی پزیشکی لە ئیسلامدا**

بەرپرسیارەتی پزیشکی پێش هاتنی ئیسلامیش بوونی هەبووەو مێژووش باس لە نەتەوەکانی پێش ئیسلام دەکات کە یاساو ڕێسای تایبەتیان بە چارەسەرکردن و بەرپرسیارەتی داناوە، باشترین نمونەش یاسای (حامۆڕابی)یە کە ساڵانێك حوکمی وڵاتی عێراقی کردووە لە سەدەی (١٧)ی پێش میلادیەوە، کە لە یاساکەیدا هاتووە: ئەگەر پزیشکێك پیاوێکی بریندار کە برینەکەی سەخت بێت چارەسەرکرد بە چەقۆیەکی زۆر تیژ، بەڵام بەم هۆیەوە گیانی سپارد، یان پزیشکێك گرێیەکی لە چاوی نەخۆشێکی توشبوو بە (ورم) دەرهێناو بووە هۆی لەدەستدانی چاوەکەی، ئەوە سزای پزیشکەکە دەدرێت بە برینی دەستی[٦].

لە سەردەمی ها تنی ئیسلامیشدا گرینگیەکی تەواو بە پیشەی پزیشکی دراوە، پێغەمبەر( درودی خوای لەسەر بێت) یەکەم کەسبووە یاساو ڕێسای کارو پیشەی پزیشکی داناوەو لە وڵاتی موسڵماناندا، وەکو پێغەمبەر( درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت: (من تطبب ولا یعلم منە طب، فهو ضامن) [٧]، بۆیە ئەم فەرموودەیە بە یەکێك لە فەرموودە گرینگەکانی ئەم باسە دادەنرێت، چونکە ئەم فەرموودەیە بڕیار لەسەر بەرپرسیارەتی ئەو کەسەدەدات کە چارەسەری نەخۆش دەکات و بەبێ زانست خۆدەخزێنێتە نێو ئەم بوارو پیشە پیرۆزە بە بێ بوونی شارەزایی و کارامەیی و خوێندن دەست بۆ کارێکی پڕ مەترسی دەبات.

پێغەمبەر( درودی خوای لەسەر بێت) ڕێگری لە پزیشکان کردووە کە چارەسەری نەخۆش بکەن پێش دیاریکردنی نەخۆشیەکەی و زانینی هۆکارەکەی نەخۆشیەکەی، بۆیە ئەم هەنگاوە باشترین پارێزگار بووە لە ئەنجامدانی هەڵە لەلایەن پزیشك و پاراستنی گیانی نەخۆش هەروەکو بە ( شمردل بن قبات) فەرمووە: (ولا تداووا أحدا حتی تعرف داءە)[٨] چارەسەری نەخۆش مەکە تاکو نەخۆشیەکەی دەزانی.

پێغەمبەر( درودی خوای لەسەر بێت) فەرموودەیەکی زۆری فەرمووە سەبارەت بە کارکردن بە شێوەیەکی دڵسۆزانەو دەستپاك و ڕێکوپێك جا کارکردن بێت لە بواری پزیشکی یاخود بواری تر، ئەم دڵسۆزیە نایەتەدی مەگەر شارەزایی و کارامەیی تەواو خۆشەویستی لە پیشە کەدا نەبێت، بۆیە دڵسۆزی لە پیشە دەبێتە ڕێگرو لەمپەر لەبەردەم هەڵەدا، یەکێك لەم فەرموودانە پێغەمبەر( درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت: (إن الله یحب إذا عمل أحدکم عملا أن یتقنە)[٩] واتە : پەروەردگار حەزدەکات ئەگەر یەکێك لە وێوە کارێکی کرد بە دڵسۆزی بیکات.

لەسەردەمی هاوەڵەکانی پێغەمبەر( درودی خوای لەسەر بێت) پەیرەوی ڕێبازەکەی پێغەمبەر( درودی خوای لەسەر بێت) کردووەو لەسەر بنەمای بەرپرسیارەتی پزیشك ڕۆیشتون و هەروەك چۆن لەگشت پیشەکانی تردا ئەم بنەمایەیان جێبەجێیان کردووە، نمونە کە (مجاهد) روایەتیکردووە

---

(١) أخرجە الترمذي محمد بن عیسي الترمذي السلمي في الجامع الصحیح سنن الترمذي ج ٤، ص ٣٨٣ رقم ٢٠٣٨ ) باب الدواء والحث علیة، قال أبو عیسي حدیث حسن صحیح، دار إحیاء التراث العربي: بیروت.

(٢) رواە البخاري، کتاب البیوع، باب قولە تعالی ( یاأیها الذین آمنوا لا تأکلوا الربا) صحیح البخاري، ج٣،ص١٦،

(٣) أبو زکریا محیي الدین یحیی بن شرف النووي المنهاج شرح صحیح مسلم: دار إحیاء التراث العربي - بیروت ، ط٢،ج١٠،ص٢٤١

(٤) شمس الدین، محمد بن أحمد الخطیب الشربیني، مغني المحتاج إلی معرفة معاني ألفاظ المنهاج: دار الکتب العلمیة ، بیروت، ط١٩٩٤،١م، ج١،ص٣٥٦

(٥) ابن قیم الجوزیة، الطب النبوي، ص١٠

(٦) صلاح الدین محمد أبو الرب، الطب والصیدلة عبر العصور"، تاریخ، الأهلیّة للنشر والتوزیع، عمّان، ١٩٩١م، ص٢٢.

(٧) أخرجة أبو دا ود لسلیمان بن الأشعث الأزدي السجستاني في سننة ج ٤ ص ١٩٥ رقم (٤٥٨٦ ) کتاب الدیة باب فیمن تطبب بغیر علم فأعنت ط دار الکتب العلمیة الطبعة الثانیة ١٤٢٤ ة- ٢٠٠٣ م،

(٨) أبو الفضل أحمد بن علي بن محمد بن أحمد بن حجر العسقلاني ، لسان المیزان ، مؤسسة الأعلمي للمطبوعات بیروت ،ط١٩٧١،٢م،ج٤،ص٤٧٨

(٩) بد الرحمن بن أبي بکر، جلال الدین السیوطي ، الجامع الصغیر، شرکة الفا للنشر ، القاهرة، ط٢٠٠٨،١م، ج١،ص٢٨٤

که پێشەوا (علی کوڕی أبو طالب) وتاریداوە بۆ خەڵك و فەرموویەتی: معشر الأطباء والمتطبّبين والبياطرة من عالج منكم إنسانا أو دابة فليأخذ لنفسه البراءة، فإنه من عالج شيئًا ولم يأخذ لنفسه البراءة فعطب فهو ضامن[(١)].

هەروەها پێشەوا (عمر و علي) سونەتکەرێکیان سزاداو چونکە لە کاتی کارەکەیدا زیانی بە منالێك گەیانبوو[(٢)]، لە پاشی هاوەڵەکان موسڵمانان لەسەر ئەم پەیڕەوەو بنەمایە ڕۆیشتوون و بەردەوام بوونە.

### باسی دووەم: هەڵەو بەرپرسیارەتی پزیشك لە ڕوانگەی ئیسلامدا

### تەوەری یەکەم: مانای هەڵە لە شەریعەی ئیسلام و یاسادا

#### یەکەم: مانای هەڵە لە شەریعەتی ئیسلامدا

هەڵە: بریتیە لە ئەنجامدانی کارێك یان وتنی وتەکەك لەلایەن کەسێکەو بەبێ بوونی مەبەست تێیدا[(٣)].

شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام مانای هەڵەی ڕوونکردۆتەوەو پۆزیشی بۆ هێناوتەوەو چاوپۆشی لێکردووەو ئەگەر ڕوویدا لە کاتی کۆشش(اجتهاد) لەم جۆرەدا هیچ سزایەك نیە، بۆیە زانایانی شەریعەتی ئیسلام کۆدەنگن لەسەر هەر کارێك بە هەڵە بکرێت خوا لێخۆش دەبێت وەکو دەفەرموێت: (وَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ فِيمَا أَخْطَأْتُم بِهِ وَلَكِن مَّا تَعَمَّدَتْ قُلُوبُكُمْ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا) [(٤)]، وە پێغەمبەر( درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: إن الله تجاوز عن أمتي الخطأ والنسيان وما استُكرهوا عليه[(٥)]. مەبست لێرەدا لێخۆشبوون لە تاوانە.

بەڵام سەبارەت بە ئەنجامدانی تاوانەکان ئەگەر کەسێك بە هەڵە ئەنجامیدا ئەوە بەرپرسیارە لە ڕووی پێبژاردنی دارایی بەڵام سزای جەستەیی نادرێت .

#### دووەم: مانای هەڵەی پزیشکی

هەڵەی پزیشکی بریتیە لە لادانی پزیشك لە ڕێسای پزیشکی ئاسایی و چاودێرینەکردن و کەمتەخەمبوونی لە چارەسەرکردنی تەواوی نەخۆش بە شێوەیەك کە فەرامۆشی نەخۆش بکات و بێ گوێدانە نەخۆشیەکەی، هەروەها خۆی دەبینێتەوە لە کەموکوڕی پزیشك لە ئەنجامدانی ئەرکی سەر شانی بە شێوەیەکی دڵسۆزانەو پیشەگەریانە و گوێنەدان بە مافی نەخۆش و چارەسەنەکردنی بە شێوەیەکی تەواو بە پێی توانا هەوەك سوێندی لەسەر خواردووەلە کاتی وەرگرتنی بڕوانامەی پزیشکی[(٦)].

بۆیە هەڵەی پزیشکی چەند ڕەگەزێکی سەرەکی لەخۆ گرتووە وەکو گوێنەدان بە بنەماو ڕێسای زانستی لە پیشەی پزیشکی و ئەنجامدانی ئەرك بە کەم و کورتی و بەکارنەهێنانی تواناو زیرەکی لە پیشەکەیدا.

### تەوەری دووەم: هەڵوێستی شەریعەتی ئیسلام دەربارەی هەڵە پزیشکیەکان

#### یەکەم: مەرجەکانی شەریعەتی ئیسلام بۆ بەرپرسیاربوونی پزیشك

شەریعەتی ئیسلامی ئەم مەرجانەی دیاریکردووە کەوا بەرپرسیارەتی پزیشکی دیاریدەکات و جیاوازی دەکات لە نێوان پزیشکی بەرپرسیارو چارەسەرکار ، هەروەها پارێزگاری لە پزیشك دەکات لە بەرامبەر بەرپرسیاری لە ئەرك باربوون و لێپرسینەوە شەرعی و یاسایی، بۆیە ئەو مەرجانەش زانایان باسیان کردووە لە بابەتی حوکمەکانی دانی خوێن بایی(الدية) بەو پێیەی کە هەڵەی پزیشکی خوێنەکەی دەکەوێتە ئەستۆی پزیشکەکە, وە زانایانی شەریعەتی شیسلامی ئەو مەرجانەیان هەڵێنجاوە لەفەرموودەکانی پێغەمبەرمان (دروودی خوای لەسەر بێت) کە دەفەرموێت: من تطبب ولم يعلم منه طب قبل ذلك فهو ضامن) واتە هەر کەسێك کاری پزیشکی بکەو پێشتر کاری پزیشکی لێ نەزانرابێ ئەو کەسە بەرپرسیارە .

ئەم فەرموودەیە بەشێوەیەکی دیارو ڕوونە سەبارەت بە بەرپرسیاری پزیشك کە هیچ گومان و نادیاریەك نا ڕوونیەك سەبارت بە بەرپرسیارەتی پزیشکی لە ئیسلامدا نیە، بەڵکو لە ئەستۆی پزیشك و ئەوانەی هاوشێوەی پزیشکن لە کارکردن لە پیشەکەیاندا هەر زیانێك کە دێتە ئاراوە لە کاتی ئەنجامدانی کارو پیشەی پزیشکی لە بەکارهێنانی کەلو پەل و ئامێری پزیشکی بۆ چارەسەرکردن و نەشتەرگەری، یا بە هۆی هەڵەیەکی کەسی وەك کەمتەرخەمی و پشتگوێ خستن یان چاودێری نەکردنی تەواوی باری نەخۆشەکە یاخود هەڵنەستان بە ئەنجامدانی کارێك کە پێویستە بۆ نەخۆش لەکاتی خۆی بۆی بکرێت لە چارەسەری و نەشتەرگەریدا, یان ڕاوێژ نەکردن بەکەسانی پسپۆڕ لە کاتێك بارودۆخەکە پێویستی بە ڕاوێژ بوو[(٧)].

---

(١) أبو عمر يوسف بن عبد الله بن محمد بن عبد البر ، الاستذكار، دار الكتب العلمية - بيروت ،ط١،٢٠٠٠م، ج٨،ص٦٣

(٢) المصدر نفسه

(٣) وهبة الزحيلي، أصول الفقه ، المطبعة العلمية، دمشق ،ط٢، ٢٠٠٦م، ج١، ص١٨٤

(٤) الاحزاب: ٥

(٥) حديث حسن رواه ابن ماجة ، سنن ابن ماجة، ج١،ص٦٥٩.

(٦) شرف الدين أحمد ، مسؤولية الطبيب، الكويت : ذات السلاسل ، ١٩٨٦م، ص١٠٩

(٧) كنعان لأحمد، الموسوعة الطبية الفقهية، دار النفائس، بيروت،٢٠٠٠م، ص٨٦١

بێگومان شەریعەت ئیسلام ئاماژە کردووە سەبارەت بە هەڵەی پزیشکی کاتێك ڕوودەدات هەرچەند پزیشکەکە خاوەن ئەزمونیش بێت لە کارو پیشەکەی وەك هەندێك لەو هەڵە پزیشکیانە لەدەرەوەی ویستی پزیشکە وە سروشتی نەخۆشی ونەخۆشەکە و لاوازی جەستەی نەخۆشە بۆ ئەو دەرمانانە یاخود نەشتەرگەریەکە وەك چارەسەر دانراوە هۆکارە بۆ هاتنە کایەوەی هەڵەکە .

شەریعەتی ئیسلام هیچ بیمە(ضمان) لەسەر هیچ پزیشکێك ناسەپێنێت بەڵکو چەند مەرجێکی دیاریکراوی داناوە کە ئامانج تێیدا چاودێریکردن پارێزگاریکردنی پزیشکە وە کەمکردنەوەو سوککردنی بەرپرسیارەتیەکەی لەبەرامبەر ئەو لێکەوتانەی کەدەکەونەوە لە حاڵەتە تایبەتەکان بۆ هەستکردن بە بەرپرسیارەتی و دڵسۆزی و بەتایبەت ئەگەرهاتوو پەیوەندی بە ژیان و گیانی مرۆڤەکانەوە هەبێت.

زانایان کۆکن لەسەر بەرپرسیارنەبوونی پزیشك و هاوشێوەکانی لە پەرستیاران و بەیتەریەکان و ئەوانەیی هەڵئەستن بە (سونەتکردن ) و ئەوانەیی هەڵئەستن بە ئەنجام دانی خوێن بەردان ( الحجامة) مەگەر بە چەند مەرجێك نەبێت[1]:

**مەرجەکانی بەرپرسیارەتی پزیشك لە ئیسلامدا**

ئێمە لێرەدا بە شێوەیەکی فراوان باسی ئەو مەرجانەی شەریعەتی ئیسلام دەکەین:

**مەرجی یەکەم: هەبوونی زانیاریی و لێزانی پزیشکی تەواو**

پێویستە پزیشك خاوەن لێزانی و بەرچاو ڕوونی بێت لە زانستی پزیشکی[2] و پێشینەی کاری پزیشکی بە کردەیی هەبێت و چارەسەرو نوشتەرگەری کردبێت و تێیدا سەرکەوتوو بێت و وانەو ئەزموون و ڕاهێنانی لەسەر دەستی پسپۆڕان شارەزایانی ئەم بوارە کردبێت و گەواهی سەرکەوتن و لێزانیان بۆ دابێت[3]

ئەوەی کەوا گوزارشت دەکات لە هەبوونی شارەزایی و لێزانی مۆڵەتی فەرمی زانستیە کە سەلمێنەری ئەوە بێت ئەو کەسە(پزیشکەکە) وانەی پزیشکی خوێندووە و خاوەنی کارامەیی و لێزانی پیشەی پزیشکیە لە زانستەکەی خۆیی بەرچاو ڕوونی و زانیاری هەبێت چونکە ئەگەر وا نەبێت بۆی حەلاڵ و ڕەوانیە پیشەی پزیشکی بکات لە چارەسەری ە نەشتەرگەری نەخۆش، وە ئەوەی هاوشێوەی پیشەی پزیشکیە بە کۆی دەنگی هەموو زانایان ئەگەر هەڵەی ئەنجامدا ئەوا ئەرك بار (ضامن)ئەبێ وەکو ئەوە وایە کەوا دەست درێژی کردبێتە سەر نەخۆشەکە[4], وە پزیشکی لێزان هەر وەکو زانایان وتوویانە ئەو کەسەیە کە ئەو دەرمانانەی بە نەخۆش دەدات کە گونجاوە لەگەڵ سروشتی نەخۆشەکە و بۆ چارەسەرکرنیەتی وەکو ئەوەی پزیشکانی هاوشان و هاوشێوەی, بەمانای ئەوەی کەوا پزیشك هەندێك شت لەبەر چاو بگرێ لە"تەمەنی نەخۆش و باری دەروونی نەخۆش و باری کەش و هەوا لەرووی ساردی و گەرمیەوە , هەروەها زانایان ئەوەیان ڕوونکردۆتەوە کەوا پزیشکی پسپۆر ئەوەیە کە مامۆستاو کەسێکی فێرکاری هەبێت و جێی متمانە بێت و ناسراوبێت و بەوەی کەوا کەسێکی لێزانەو خاوەنی زانیارییە[5], هەروەها بشزانرێت کە ئەو کەسە زانایە لە بواری پزیشکی بە شایەتی دوو کەسی دادپەروەرو زانا بە بواری پزشکی یاخود لەنێو خەڵك ناسرابێت بەوەی کەوا کەسێکە زانیاری زۆری لایە دەربارەی چارەسەرکردنی نەخۆش , بزانێت کە بەنەبوونی زانیاری زانستی پزیشکی دەبێتە هۆکاری مردنی مرۆڤەکان, بەمشێوەیە جیاوازیی ئەکریت لەنێوان پزیشکی لێزان وپسپۆر و پزیشکی نەزان و ناپسپۆر بەڵام لە ئەمڕۆ پزیشك رێی پێنادرێت بۆئەنجامدانی کاری پزیشکی و چارەسەر و نوشتەرگەری تەنها دوایی بەدەستهێنانی مۆڵەتی پزیشکی و ئەنجامدانی چەندین خولی پزیشکی کەوا ئەیسەلمێنێت ئەوکەسە وانەیی پزیشکی خوێندووە و شارەزایی لە زانستی پزیشکی هەیە وەهەروەها وەزارەتی تەندروستی ڕەزامەندیی لەسەر ئەمەوە دەربڕێت٨٤ , مەبەست و حیکمەت و فەلسەفەش لەم مەرجە بریتیە لەپارێزگاری لەسەر ژیان و گیانی مرۆڤەکان وەهەروەها بە ئاگاهێنان و ئاگاارکردنەوەی پزیشکان لە بەرامبەر ئەرکەکانیان وکارەکانیان ئەوەی پەیوەستە بەگیانی مرۆیی.

بەڵگەش لەسەر ئەم مەرجە فەرموودەیی پێغەمبەرە (دروودی خوای لەسەر بێت) کە دەفەرموێت: من تطبب ولم يعلم منه طب قبل ذلك فهو ضامن) (هەرکەسێك دەستکاری پزیشکی بکات و پێشتر زانیاری لەسەری نەبووبێت ئەوا ئەو کەسە بەرپرسیارە)

---

[1] المصدر نفسه، ص٨٦١

[2] عبدالقادر عودة ، التشريع الجنائي الإسلامي مقارناً بالقانون الوضعي ، دار الكاتب العربي، بيروت، ج ١، ص ٥٢٣

[3] أحمد شرف الدين ، الأحكام الشرعية للأعمال الطبية ، ط٢،١٩٨٧ م، ص ٤٦-٤٨

[4] ينظر: الخطيب الشربيني، مغني المحتاج، ج٤،ص٢٠٢؛ أبو محمد موفق الدين عبد الله بن أحمد بن محمد بن قدامة ، المغني، مكتبة القاهرة: القاهرة، ١٩٦٨، ج٦، ص١٣٣- ١٣٥؛ أبو بكر بن مسعود بن أحمد الكاساني ، بدائع الصنائع في ترتيب الشرائع ، دار الكتب العلمية : بيروت، ط٢،١٩٨٦م، ج٤،ص٣٥٥؛ منصور بن يونس بن صلاح الدين ابن حسن بن إدريس البهوتى ، كشاف القناع عن متن الإقناع ، دار الكتب العلمية : بيروت، ج٢، ص٣١٣

[5] حمد بن إسماعيل بن صلاح بن محمد الحسني، الكحلاني ثم الصنعاني، سبل السلام، دار الحديث:بيروت، ج٣، ص٢٥٠

## مەرجی دووەم: تێنەپەڕاندن و زیادەڕەوی نەکردن لە فەرمانەی پێیکراوە

ئەو ئەندازەیی کە پێویستە بۆپێدانی دەرمان و چارەسەر و نەشتەرگەری تێپەڕ نەکات بەوەیی کەوا دەرمانێکی زیاتربدات لە ئەندازەیی پێویست یاخود دەستکاریکردنی شوێنی تری لەش لە کاتی ئەنجامدانی نەشتەرگەریدا، ئەو زیادە ڕۆیانەیی لە پێدانی چارەسەرو دەرمان و نەشتەرگەری سەربکێشێت بۆ زیان گەیاندن بەنەخۆش و یاخوود ئەوشتە ببڕێت کە پیویست بە بڕین ناکات لە کاتی نەشتەرگەریدا[١] .

زانایانی شەریعەتی ئیسلام بە مەرجیان داناوە بۆ لادانی بەرپرسیاریێتی لەسەر پزیشك لە چارەسەرکردندا لە حاڵەتی نەخۆشییەکە زیاتر نەپرژێتە سەر شوێنێکی تری ناپێویست، بەڵکو پێویستە لەسەری کە بەگوێرەی بنەماکان و شارەزایانی ئەم زانستە کار بکا، جا ئەگەر سنووری بەزاند ئەوە هەڵەیەکی بەرچاوەو دەبێ تۆڵەو بەرپرسیاریێتی لە ئەستۆ بگرێ، چونکە ئەم مردنە بەرپرسیاریێتییەکەی ناگۆڕێ چ بە ئەنقەست بێ چ بە هەڵە، بەم پێەش هەرچی خەرجی نەخۆشەکەیە لە ئەستۆی ئەگرێ ئەگەر نەخۆشەکە نەمرد، بەڵام ئەگەر مرد ئەوە پێویستە خوێنبایی بداو کوشتنەوەی لەسەر نیە، چونکە پێشتر نەخۆشەکە خۆی مۆڵەتی پێدابوو[٢] .

ئەوەی زانایان بە زیادەڕۆیی و دەستدرێژی هەژمار کردووە ئەمانەن:

١. بڕین یان بریندارکردنی شوێنێك لەکاتێك کە بۆ بڕین و بریندارکردن دەستنەدا لە کاتی ئەنجامدانی نەشتەرگەری.

٢. لە کاتی چارەسەرو نەشتەرگەریدا بڕین بە ئامرازێکی کۆری کۆن کە ئازاری زۆر هەبێ، یاخود بەباشی پاك نەکرابێتەوە و نەخۆشی بگوازێتەوە.

٣. بڕین لە شوێنێك کە شوێنی بڕین نەبێ، وەك ئەوەی گورچیلەیەکی ساغ ببڕێ و ناساغەکە وازلێبێنێ، یان ددانێکی ساغ ببڕێ و ناساغەکە وازلێبێنێ، هاوشێوەی ئەمەشە کە دەرزی لە شوێنێکی نەگونجاو بداو سەرەنجام شوێنەکە تووشی ئیفلیجی ببێ و لەکاربکەوێ، .. جگە لەمەش.

٤. دەرمانێکی نەگونجاو بۆ نەخۆشییەکە بدا بە نەخۆشەکە و وابزانێ کە گەنجاوە کەچی هەڵە بکا، یان زیاتر لە ئەندازەی پێویست و بەدەر لە نەریت دەرمان بدا بە نەخۆشەکە.. لەم حاڵەتانەدا پزیشکەکە بەرپرسیار( ضامن) دەبێ، بەڵام کوشتنەوەی لەسەر نیە ئەگەر نەخۆشە مرد، چونکە مەبەستی زیان گەیاندنی بە نەخۆشەکە نەبووە بەڵکو مەبەستی سوودگەیاندن و چارەسەرکردن بووە چ لە ڕێگای پێدانیدەرمان بێت یاخود ئەنجامدانی نەشتەرگەری بێت و هیوای چاك بوونەوەی هەبووە، وە هەر شتێك کە پزیشکان و سەندیکاکەیان و داب و نەریت و یاسا بە زیادەڕەوی و دەستدرێژی لەقەڵەم بدەن، نابێ پزیشکی لێزان و شارەزا بکەوێتە ناویانەوە.

وە نابێ لەم مەرجە وابزانرێ کە مەبەست کۆت و بەندکردنی پیشەی پزیشکەو ڕێگریکردنە لە بیرکردنەوە و بڕیاردانی لە پیشەو کارەکەی، بەڵکو دەبێ بەشێوەیەك لەچارەسەر کردنی نەخۆشی بڕیاربدا کە لە بەرژەوەندی و سەلامەتی نەخۆشەکەبێ، چونکە جاری وا هەیە کە پزیشك لە کاتی نەشتەرگەریدا سکی نەخۆشێك هەڵئەدرێ بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەك لەنەخۆشییەکان، ئیتر دەبینێ کە نەخۆشەکە دەناڵێنێ بە دەست نەخۆشییەکی تر کە پێشتر دەستنیشان نەکراوەو بووەتە هەڕەشە لەسەر ژیان و تەندروستی نەخۆشەکە، بۆیە ناچارە کە بیرۆکەی چارەسەرکردنەکە بگۆڕێ بەوەی کە لەگەڵ پێشهاتەکان بگونجێ، جا لەو حاڵەتانەدا کاری پزیشکەکە بە زیادەڕۆیی هەژمار ناکرێ، مادەم نیازەکان پاك بن و ئامانج بەرژەوەندی نەخۆشەکەبێ لەکۆتاییدا[٣].

وە ئەگەر پزیشك ئەو ئەندازەیەی تێنەپەڕاند کە فەرمانی پێکراوەو لە شوێنی مەبەست نەترازا، ئەوە بەرباز نابێ و بەرپرسیاریێتی لەسەر نیەو یەخەی ناگیرێ، لەبەر نیازی پاکی لەلایەك و وە ئەوەی کە ئەنجامی داوە بە مەبەستی چارەسەر بووە.

---

[١] علي بن عبد الكريم بن طرخان بن تقي الشيخ علاء الدين أبو الحسن بن مهذب الدين الحموي ، الأحكام النبوية في الصناعة الطبية ، شركة مكتبة ومطبعة مصطفى البابي الحلبي وأولاده: القاهرة، ص ١٠

[٢] ابن قدامة، المغني، ج٦، ص١٣٣؛ الخطيب الشربيني، مغني المحتاج، ج٤، ص١٩٤؛ الكاساني ، البدائع، ج٦، ص٣٨١؛ أبو الوليد محمد بن أحمد بن محمد بن أحمد بن رشد القرطبي الشهير بابن رشد، بداية المجتهد ونهاية المقتصد، دار الحديث : القاهرة، ٢٠٠٤م، ج١، ص٩٩٧؛ منصور بن يونس بن إدريس البهوتي ، شرح منتهى الارادات، عالم الكتب: ، ط١، ١٩٩٣م، ج٢، ص٢٦٢.

[٣] زكي شمس محمود، لمسؤولية التقصيرية للأطباء في التشريعات العربية (المدنية و الجزائية)، مؤسسة غيور للطباعة :دمشق، ط١٩٩٩،١م، ص٤٥٣

"ئیبنو مونزیر" دەفەرمووێ: "زانایان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە ئەگەر پزیشک نەترازا و تێپەڕی نەکرد لە کاری پێویستی، ئەوا بەربار نابێ"[١].

وە زانا "سەرخەسی" لە کتێبی "المبسوط " دەفەرمووێ: "ئەگەر خوێنگر خوێنی گرت و نەترازا و تێنەپەڕی لە شوێنی نەریت (عادة ) یی، ئەوا بەربار نابێ لەوە ی لە دەستی قەوماوە "[٢]

### مەرجی سێیەم: مۆڵەتدان پزیشك لەلایەن نەخۆش

زانایان بۆ بەربار نەبوونی(ضمان )ی پزیشك بە مەرجیان داناوە کە دەبێ لە خودی نەخۆشەکە مۆڵەت درابێت، یان لە سەرپەرشتیاری نەخۆشەکە، ئەگەر نەخۆش خاوەنداریێتی خۆی پێ نەئەکرا، وەك منداڵ و شێت، جا ئەگەر نەخۆش یان سەرپەرشتیارەکەی مۆڵەتی بە پزیشك نەدا بۆ چارەسەرکردنی و ئەم هەڵسا بە چارەسەرکردنی، وە ئەم چارەسەرییە زیانی لێکەوتەوە، ئەوە بەربار(ضامن) ئەبێ، چونکە کارێکی ڕێ پێنەدراوی ئەنجامداوە[٣].

"ئیبن قەیم ی جەوزی" دەفەرمووێ: (ئەگەر نەخۆش مۆڵەتی بە پزیشك دا بۆ سوننەت(ختان) کردنی، لە کاتێکی زۆر گەرم یان زۆر سارد، یان لەکاتی لاوازییێك کە مەترسی بۆ نەخۆش هەبوو، ئەگەر هاتوو نەخۆشەکە پێگەیشتوو ( بالغ) و هۆشمەند بوو، ئەوە پزیشکەکە بەربار(ضامن) نابێ، چونکە نەخۆشەکە بەهۆی مۆڵەتەکەی خۆی مافی خۆی نەهێشتووە، بەڵام ئەگەر بچووك بوو، ئەوا بەربار ئەبێ، چونکە مۆڵەتەکەی لەبەرچاو ناگیرێ لەڕووی شەرعەوە)[٤].

هۆکارەکەشی ئەوەیە ئەگەر لەگەڵ بوونی مۆڵەتیش پزیشك هەر بەربار( چامن) بووبا، ئەوا دەبووە هۆی ئەوەی کە خەڵك واز لەپیشەی پزیشکی بهێنێ کە لە پێویستییەکانی ژیانە بۆ پاراستنی گیان و وەچە. وە ئەم مۆڵەتەش گرنگییەکی زۆری هەیە بە تایبەت کاتێ کە پزیشکێك خۆی لە شوێنی کارەکەی نابێ و پزیشکێکی تر ئەکاتە بریکاری خۆی بۆ ئەنجامدانی کارەکەی، جا لەم حاڵەتانە پێویستە نەخۆش ئاگادار بکرێتەوە، چونکە لەوانەیە نەخۆشەکە نەیەوێ جگە لە پزیشکەکەی خۆی پزیشکێکی تر چارەسەری بکا، ئەگەرنا پزیشکە بریکارەکە بەرپرس دەبێ لە حاڵەتی تێکەڵ کردنی شتانێك" چونکە پێشتر مۆڵەتی پێ نەدراوە لەلایەن نەخۆشەکەوە بە چارەسەرکردنی.

### مەرجی چوارەم: پابەندبوونی پزیشك بە ڕێساو بنەمای پیشەیی و زانستی

ئەگەر پزیشك پابەند بوو بە بنەماو ڕێسای پیشەکەی و سنوری نەبەزاند و زیادەڕەوی نەبوو ئەوە پیشەو کارەکەی ڕێگا پێدراو دروستە بەهەموو دەرەنجامەکانیەوە بە بێ بەرپرسیاربوون، بەڵام ئەگەر سەرپێچیکرد وەك دانانی چارەسەرێکی نەگونجاو یاخود ئەنجامدانی نەشتەرگەری بە هەڵە یاخود هەڵکێشانی ددانێك کە پێویست بە هەڵکێشان نەبووە لەم کاتەدا بەربارو(چامن) و بەرپرسیاردەبێت بەرامبەر پیشەکەی[٥].

### دووەم: ئەو حاڵەتانەی کە پێویست نیە مۆڵەت لە نەخۆش وەربگیرێ

لێرەدا دوو حاڵەت هەن کە پێویست نیە مۆڵەت لە نەخۆش وەربگیرێ[٦]

**حاڵەتی یەکەم:**

ئەو حاڵەتە ترسناکانەن کە هەڕەشەی مردن لەسەر ژیانی نەخۆش دروست ئەکەن، یان هەڕەشەن بۆ لەناوچوونی ئەندامێك لە ئەندامەکانی، وە لەم حاڵەتەش هۆشی بەلای خۆوە نەبوو، یان لایەنی دەروونی بواری نەئەدا بۆ مۆڵەت پێدانی، وە سەرپەرشتیاری نەخۆشەکە لەوێ ئامادە نەبوو بۆ مۆڵەت لێ وەرگرتنی، وەکو ڕووداوێکی کت و پڕەکانی هاتووچۆ، هەروەها لەم حاڵەتانەوەیە کە نەخۆش بێهۆش کراوە بۆ نەشتەرگەرییەك، کەچی لە میانەی نەشتەرگەرییەکە دەردەکەوێ کە پێویستە لەخودی کاتەکە نەشتەرگەرییێکی تر ئەنجام بدرێ.

**حاڵەتی دووەم:**

ئەو حاڵەتانەن کە بەرژەوەندی گشتی ئەیخوازێ، وەکو نەخۆشییە پەتا مەترسیدارەکان کە هەڕەشە لە کۆمەڵگا دەکەن، بەبڵاو بوونەوەی پەتا، وەکو کۆلێرا بۆ نمونە، جا لەم حاڵەتانە دروستە بۆ دەسەڵاتە تەندروستییەکان کە کەسێك یان کۆمەڵێك ناچار بکەن لەسەر چارەسەر وەرگرتن، یان پێدانی ئامرازێك لە ئامرازەکانی خۆ پاراستن، مادام لەوەدا بەرژەوەندییێك هەبێ بۆ کۆمەڵگا.

---

(١) الشربيني، مغني المحتاج، ج٤، ص١٩٤.
(٢) محمد بن أحمد بن أبي سهل شمس الأئمة السرخسي ، المبسوط، دار المعرفة للطباعة والنشر : بيروت،١٤١٤ ة - ١٩٩٣ م ، ج٦، ص٣٢٣
(٣) المصدر نفسه، ج ١٦، ص ١٨.
(٤) الهوتي ، كشاف القناع، ج٤، ص٤٢.
(٥) حكام الجراحة الطبية والآثار المترتبة عليها، هو رسالة دكتوراة من الجامعة الإسلامية بالمدينة المنورة، ومقدمها هو الشيخ محمد المختار الشنقيطي، مكتبة الصحابة: جدة،ط٢، ١٩٩٤م، ص ٥٢٣- .٥٢٤
(٦) زكي شمس محمود، لمسؤولية التقصيرية للأطباء ، ص١٠٨

وە لـەم ڕۆژگـارەش هەنـدێ مـەرجی تـر دانـراون بـۆ بـەربار کردنـی پزیشـکان، وە ئـەکرێ بڵـێین کـە ئـەم مەرجانـە نـوێ نـین، بـەڵکو هـەر لـە مەرجەکانی پێشتر وەرگیراون کە زانایانی موسڵمان دایانناون.

**سێیەم: بەرپرسیاربوونی پزیشك لە کاتی ئەنجامدانی هەڵەدا**

**١) هەڵەی پزیشکی لێزان(پسپۆڕ):**

ئەگـەر هـاتوو پزیشـك یـا بـرین پـێچ یـان دەرمانسـاز یـان نەشـتەرگەکار یـان بـەیتار..... خـاوەن زانسـت و زانیـاری بـوو لەپیشـەکەی خۆیـدا بـەڵام لەسـەرەنجامی کارەکـەی مردنـی کەسـێکی لێکەوتـەوە ئـەوا هـیچ تۆڵەیـەك (کوشـتنەوە) لەسـەری نیـە , بـەڵکو ئـەبێ ئـەبێ خوێنبـایی بـدات وەك "شـافیعیەکان و حەنەفیـەکان و مالیکیـەکان و حەنبەلیـەکان فەرموویانـە و بەڵگەشـیان بـۆ ئـەوە بریتیـە لـەوەی پزیشـکەکە مەبەسـتی زیـان گەیانـدن بەکەسـەکە نـەبووە بـەڵکو ویسـتوویەتی چارەسـەری بکـات و چـاکی بکاتـەوە, ئـەم کارەشـی بەهەڵـە ئەنجامـداوە نەك بەئەنقەست[١] .

پێشـەوا مالیـك دەفـەرموێ: ئـەو ەی زانایـان یـەك دەنگـن لەسـەری لای ئێمـە ئەگـەرهاتوو پزیشـك خەتەنـەی بـۆ منـداڵێکی کـرد بەهەڵـە زەرەری پێگەیانـد ئـەوا دەبـێ خوێنەکـەی بـدات، ئـەوە لـەم هەڵانـە هـەژماردەکرێت کـە خوێنەکـەی لەسـەر کەسـوکاری پزیشـکە، بۆیـە هەموو هەڵەیەك کە پزیشك دەیکات بە ئەنقەست نەبێت ئەوە خوێنەکەی لەسەر کەسوکاری پزیشکە[٢].

زانـای پایەبـەرز (ابـن روشـد مـالکی) لـە پـەرتووکی "بدایـە" دەفـەرمووێ: ئەگـەر پزیشـك هەڵـەی کـرد لـە کـاتی پیشـەکەی هەرچـەند کـە پسـپۆڕو لێـزان بێـت ئـەوا هـیچ شـتێکی لەسـەر نیـەو (ناکوژرێتـەوە) وە خوێنەکەشـی دەکەوێتـە سـەر ئەسـتۆی کـەس و کـاری پزیشـکەکە ئەگەر لە(سێیەك) زیاتربوو, بەڵام ئەگەر لە سێیەك کەمتربوو ئەوا لەخودی ماڵی پزیشکەکە دەکەوێت[٣].

کـۆی زانایـان دەڵـێن لەسـەر پزیشـك پێویسـتە خوێنەکـەی تـەواو بـدات بەپێچـەوانەی "حەنەفیـەکان کـە دەڵـێن: پێویسـتە کـەوا نیـوەی خوێنەکـە بـدات. بەڵگـەی کۆی زانایـان لـەوەدا ئەوەیـە کـە ئـەو پزیشـکە هاوشـێوەی ئـەو کەسـەیە کردارێکـی هەڵـە ئـەنجام ئـەدا کوشـتن بـە هەڵـە ئـەنجام ئـەدا دەبـێ خـوێنێکی تـەواو بـدات بـەڵام "حەنەفیـەکان دەفـەرموون ئـەو نەخۆشـە کـە مـردوە لەناوچـوە بـەهۆی کارێکـە کـە ڕێپێدراوە ئەوە پێویستە نیوەی خوێنەکە بدات[٤]

پێشـەوا (مالیـك[٥] و شـافیعی[٦] دەفـەرموون : هـیچ خـوێنی لەسـەر نیـە ئەگـەر مەبەسـتی پـاك بـوبێ هـیچ شـتێکی لەسـەر نیـە چـونکە مەبەسـتی پزیشـك چاکسـازی و چارەسـەر بـووە هـەوڵی خۆشـی بەگـەڕ خسـتووە کـەم تەرخـەمی نـەکردووە بۆیـە تۆڵـەی لـە کـۆڵ دەبێتـەو تۆڵەی خوێنیشی لەم حاڵەتەدا لە کۆڵ ئەبێتەوە.

توێـژەر وای بـۆ دەچـێت ئـەوەی کـۆی زانایـان بـۆی چـووینە لـە دانـی خـوێنی تـەواوی ئەکەوێتـە سەرشـان. چـونکە ئەوڕایـە بەرژەوەنـدی گشـتی تێدایـە وە لـە توانـای دایـە کـەوا ڕێگـری پزیشـکەکان بکـات لـەوەی کەمتـەر خـەمی نەکـەن لـەکاتی ئـەنجام دانـی پیشـەکەیان و هـەروەها ناچـاریان بکـە لـەوەی ئاگـادارو وشـیاری تـەواو بکـەن لـە کـاتی چارەسـەر کـردن, بەتایبـەتیش ئەگـەر هـاتوو زانیـان هـیچ کەمتـەر خەمیـەك لەلایـەنی خۆیان(پزیشـکەکان) تـێ ناپـەرێ بـەبێ دادگـایکردن و لێپرسـینەوەیەك لەپاشـان ئـەوا هاوشـێوەی ئـەو هەڵـە کـەوا ئـاینی ئیسـلام خـوێنی تێـدا واجـب کـردووە نـەك کوشـتنەوە, چـونکە مـرۆڤ بێگومـان هەڵـە ئـەکات سـەرباری ئـەوەی کـەوا هەرچـەندە زانست و زانیاری بەرچاو ڕوونی هەبێت .

حەنەفیـەکان دەڵـێن پیویسـتە(حجر) واتـە دکتـۆری جاهیـل ڕێگـری لێبکـرێ لـە ئـەنجام دانـی پیشـەی پزیشـکی چـونکە ڕێگـری کـردن لـە بـواری فـەرمانکردن بەچـاکەو نـەهی کـردن لـە خراپـە هـەژماردەکرێت، چـونکە پزیشـکی نـەزان هۆکـاری مردنـی مرۆڤـەکان دەبێـت بۆیـە ڕێگری کردن لەم جۆرە پزیشکانە دەبێتە هۆکاری زیان نەگایاندن بە کۆمەڵگا بە گشتی.

**٢) هەڵەی پزیشکی نەزان (ناپسپۆڕ):**

سـەبارەت بـە پزیشـکی نـەزان ئـەوا هـەموو زانایـان یەکدەنگن لەسـەر ئـەوەی بەربار(چـامن) و بەرپرسـیارە دەبـێ بـە گـوێرەی ئـەو زیانـەی داویەتی ئەبێ بیداتەوە بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەمانەی خوارەوەیە:

(١) ابن عبدالبر، الاستذكار، ج٨، ص٦٢
(٢) مالك بن أنس بن مالك بن عامر الأصبحي المدني ، الموطأ، دار إحياء التراث العربي، بيروت ، 1985م ، ج٢، ص٨٥٣
(٣) ابن رشد، بداية المجتهد، ج١، ص٩٩٧
(٤) السرخسي ، المبسوط، ج٦، ص٣٤٣
(٥) ابن رشد، بداية المجتهد، ج١، ص٩٩٧
(٦) أبو عبد الله محمد بن إدريس بن العباس بن عثمان الشافعي، الأم، دار المعرفة – بيروت، ١٩٩٠م، ج٦، ص٢٤٤

١ ـ فەرموودەی پێغەمبەر ( درودی خوای لەسەر بێت) کە دەفەرمووێ: مَنْ تَطَبَّبَ وَلَمْ يَكُنْ بِالطِّبِّ مَعْرُوفًا، فَأَصَابَ نَفْسًا فَمَا دُونَهَا، فَهُوَ ضَامِنٌ" واتە هەرکەسێك دەستکاری بواری پزیشکیدا بکات و لەو بوارە لێزان و شارەزا نەبوو، زیانی بە گیانێك یان ئەندامێکی لاشە گەیاند ئەوە بەربارو بەرپرسیارە. "

"ئیبن حەجەر"[1] دەفەرمووێ: ئەو فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە کەسێك خۆی بکاتە پزیشك بەرپرسیارە لەسەر لەناوبردنی گیانێك یان ئەندامێك، جا چ بەفەرمانی ئەو کارەکە کرابێ یان بە دەستی خۆی کردبێتی، بە ئەنقەست بێ یان هەڵە، وە یەك دەنگی زانایان وا دەخوازێ[2].

وە لە(بداية المجتهد) ی ئیبن ڕوشدی مالیکی دا هاتووە : " ئەگەر هاتوو پسپۆر نەبوو، ئەوە دەبێ لێی بدرێ و زیندانی بکرێ و خوێنی پێ ببژێردرێ لە سامانی خۆی بەبێ ڕاجیاوازی[3]، وە هۆی پێ بژاردن لەسامانی خۆی ئەوەیە کە کارەکەی بە ئەنقەست دادەنرێ، وە خزم و خۆیش لەسەریان نیە خوێنی کوشتنی ئەنقەست بدەن[4]

٢ ـ گێڕدراوەتەوە لە پێغەمبەر ( درودی خوای لەسەر بێت) کە فەرموویەتی: **مَنْ تَطَبَّبَ وَلَمْ يُعْلَمْ مِنْهُ طِبٌّ، فَهُوَ ضَامِنٌ**»١١٨ . **رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وَالنَّسَائِيُّ**"هەرکەسێك دەستکاری بواری پزیشکیدا بکات و لەوەو پێش کاری پزیشکی لێ نەزانرابێ.. ئەوە بەرپرسیار(چامن)ە "

ئەوەی دیارە لە فەرموودەکە ئەوەیە کە پزیشکی نەزان بەرپرسیارە لەوەی کە لەناوی بردووە، چونکە زۆری لەخۆی کردووە لە بواری پزیشکی و زانیاریشی نەبووە.

٣ ـ پێغەمبەر ( درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: **أَيُّما طبيبٍ تَطَبَّبَ على قَومٍ لا يُعرَفُ لهُ تَطَبُّبٌ قبلَ ذلكَ فأعْنَتَ فهوَ ضامِنٌ**١٢١ واتە "هەر پزیشکێك کاری پزیشکی بۆ کەسانێك بکا کە پێشتر کاری پزیشکییان لێ نەزانیبێ و زیانی لێکەوتەوە ئەوە بەرپرسیارە "

وە هۆی بەرپرسیاربوونیشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجامدانی کارێکی کوشندە بەبێ زانست وپسپۆڕی وزانیاری، وە لەم کارەیدا زەرەر و زیان کەوتۆتەوە بۆتە دەستدرێژی کار، بۆیە دەبێ بەربار بێ( چامن)

٤ ـ لە ڕووی لۆژیك و هۆشیاریدا: پزیشك ئەگەر نەزان بوو، وە لاسایی پیشەی پزیشکیی کردەوە لەکاتێك کە پسپۆر و لێزان نەبوو لەو بوارە، ئەوە بێگومان دەبێتە دەستدرێژی کار، چونکە خۆی فریوداوەو پزیشك نەبووە، لە حاڵەدا نابێ دەستکاری بکا، چونکە بەرپرسە لەو زیانانەی کە لێی ئەنجامی کارەکەیدا دەکەونەوە، لەمەش دا پاراستنی گیان و بەرژەوەندی خەڵکی هەیە.

لە کتێبی "الموافقات" ی پێشەوا شاتیبی دا هاتووە: "ئایا نابینی کە ئەوان (زانایان ) پزیشك و خوێنگر و چێشتلێنەر و جگە لەوانەش لە پیشەوەرەکان بەرپرسیار دەکەن ئەگەر کەمتەرخەمی لێیان ڕوویدا، جا بەخۆ فریودان یان کەمتەرخەمی.. بە پێچەوانەی ئەوەی کە کەمتەرخەمی نەکردبێ، چونکە لەو کاتەدا بەرپرسیار نابێ"[5].

## کۆتایی

### دەرەنجام

١- لە کۆن و نوێوە خەڵکی گرنگییان داوە بە زانستی پزیشکی، لەبەر ئەو لایەنە مرۆڤایەتییەو ڕزگار کردن و چاك بوونەوەی نەخۆش .

٢- وە پێش هاتنی ئیسلام ئەم پیشەی پزیشکی بوونی هەبووە بە شێوەیەکی لاواز، بەڵام کە ئایینی پیرۆزە ئیسلام هاتوو پێگەو شکۆی و ڕیچزی زۆرتری بۆ داناوە، وە خۆ فێرکردنی ئەم زانستەی بە فەرزی کیفایە دانا،.

٣- ، وە لەم زانستەدا چەندین بەرگ لە پەرتووك نووسراون و چەندین پزیشك لە پیاوان و ژنان هەڵکەوتوون، وە بابای پزیشك لەکۆن و ئێستاشدا پێگەیەکی بەرچاوی هەبووەو کۆمەڵگا پێی بەخشیوە وەکو ڕێز و لەبەرچاوگرتنی هەوڵەکانی.

٤- بابەتی بەرپرسیارێتی پزیشکی گرینی تایبەتی پێدراوە لە ئیسلامدا، وە زانایانی لە بارەی هەڵە پزیشکییەکان دواون و جیاوازییان کردووە لە نێوان ئەو هەڵانەی کە بەهۆی نەزانییەوە دەکەونەوە، لەگەڵ ئەو هەڵانەی کە بەهۆی کەتەرخەمییەوەن، وە جیاوازییان کردووە لە نێوان ئەو لێکەوتانەی کە بەهۆی چارەسەرەوەن.

---

(١) ابن رشد، بداية المجتهد، ج١، ص٩٩٧
(٢) الصنعاني، سبل السلام، ، ج٣، ص٢٥
(٣) ابن رشد، بداية المجتهد، ج١، ص٩٩٧
(٤) محمد بن أحمد بن عرفة الدسوقي المالكي ، حاشية الدسوقي على الشرح الكبير، ج٤، ص٢٨
(٥) براهيم بن موسى بن محمد اللخمي الغرناطي الشهير بالشاطبي ، الموافقات، دار ابن عفان، ط١، ١٩٩٧م، ، ج١، ص٢٣٢

٥- زانایـان یـەك دەنگـن لەسـەر بـەرپارکردنی پزیشـکی نـەزان و پزیشـکێکی لێزانـی دەسـتدرێژی کـار، وە خوێنباییەکـەیان خسـتۆتە سـەر خـزم و خۆیشـی ئەگـەر پزیشـکەکە لێـزان بـوو، وە لەسـەر سـامانەکەی خـۆی و خزمانییـەتی ئەگـەر نـەزان بـوو، چـونکە هەڵەیەو بە ئەنقەست نەبووە،

٦- ئەگـەر پزیشـکێکی پسـپۆڕو لێـزان هەڵـە کـرد بـەبێ ئەنقەسـت و کەسـێك گیـانی لەدەسـتدا لـە ژێردەسـتی ئـەو خوێنباییەکـەی لەسـەر خزمانیـەتی، ئەگـەر زیـانی بـە نـەخۆش گەیانـد بـە پێـی زیانەکـە قـەرەبووی نەخۆکـە دەکاتـەوە، بـەڵام ئەگـەر بـە ئەنقەست بوو نەخۆشەکەش مرد ئەوە (قصاص)ی لەسەرە.

٧- زانایـان کـۆدەنگن لەسـەر ئـەوی پزیشـك بـەرپارو بەرپرسـیار نابێـت تـەنها بـە چـەند مـەرجێك نـەبێت وەکـو: شـیاوی پیشـەکە بێـت بە هۆی خوێندن و زانین و زیادەڕەوی نەکات لە چارەسەرکردن و چارەسەری نەخۆش بە مۆڵەتی نەخۆش بکات

٨- وە لـە جوانییـەکانی شـەریعەت ئەوەیـە کـە بـۆ ئـەم پیشـەیە کۆمـەڵێك ڕەوشـتی دانـاوەو پێویسـتی کـردووە لەسـەر پزیشـکان کـە پێیـەوە پابەنـدبن، جـا لەهـەر ئاسـتێکی زانسـتیدابن، وە فـەرمانی کـردووە کـە چـاکە لەگـەڵ نـەخۆش بکـرێ چ پلەبـەرز بـێ یـان پلـە نـزم، ئـازاد بـێ یـان کۆیلـە، چـونکە پـێش ئیسـلام ئـەم لێپرسـینەوە پزیشـکیانە ملکەچـی یاسـا کۆمەڵایەتییـە سـتەمکارەکان دەبوو، جیاوازی نێوان ئازاد و کۆیلە و پلەبەرز و پلە نزمەکانی دەکرد.

**ڕاسپاردەکان**

١- پێویستە پزیشکەکان ڕەچاوی مرۆڤایەتی نەخۆش بکەن و بەرژەوەندی گشتی بپارێزن.

٢- پێویستە سەندیکای پزیشکان خولی هۆشیاری و فێرکاری ورد بە پێی ستاندەری جیهانی بۆ پزیشکانی نوێ بکاتەوە و ئاگاداریان بکاتەوە لە بەرپرسیاریەتی هەڵەو کەمتەرخەمی.

٣- پێویستە پزیشکەکان پیشەکەیان بکەن بە ساباتی خزمەتی مرۆڤایەتی نەك کۆکردنەوەی پارەو سەروەت و سامان و هەستبکەن بە بەرپرسیاریەتی بەرامبەر کۆمەڵگا.

٤- پێکهێنانی لێژنەیەکی پسپۆڕو ورد بۆ دیاریکردنی هەڵەکان و دوور بێت لە سۆزو برادەرایەتی خزمایەتی.

٥- پێویستە حکومەت لەسەر ئاستی باڵا گرینگی تەواو بدات بە پزیشکان و نەخۆشخانەو کەلوپەل و ئامرازی نەشتەرگەری چارەسەرکردن و بە پێی ستاندەری نێودەوڵەتی.

**المصادر**


١) ابن قيم الجوزية، محمد بن أبي بكر بن أيوب، الطب النبوي، دار الفكر للطباعة والنشر،بيروت،

٢) أبو الفضل أحمد بن علي بن محمد بن أحمد بن حجر العسقلاني ، لسان الميزان ، مؤسسة الأعلمي للمطبوعات بيروت ،ط٢،١٩٧١م،

٣) أبو الوليد محمد بن أحمد بن محمد بن أحمد بن رشد القرطبي الشهير بابن رشد، بداية المجتهد ونهاية المقتصد، دار الحديث : القاهرة، ٢٠٠٤م،

٤) أبو بكر بن مسعود بن أحمد الكاساني ، بدائع الصنائع في ترتيب الشرائع ، دار الكتب العلمية : بيروت، ط٢،١٩٨٦م،

٥) أبو زكريا محيي الدين يحيى بن شرف النووي المنهاج شرح صحيح مسلم: دار إحياء التراث العربي – بيروت ، ط٢.

٦) أبو عبد الله محمد بن إدريس بن العباس بن عثمان الشافعي، الأم، دار المعرفة – بيروت، ١٩٩٠م.

٧) أبو عمر يوسف بن عبد الله بن محمد بن عبد البر ، الاستذكار، دار الكتب العلمية – بيروت ،ط١،٢٠٠٠م،

٨) أبو محمد موفق الدين عبد الله بن أحمد بن محمد بن قدامة ، المغني، مكتبة القاهرة: القاهرة، ١٩٦٨.

٩) أحكام الجراحة الطبية والآثار المترتبة عليها، هو رسالة دكتوراة من الجامعة الإسلامية بالمدينة المنورة، ومقدمها هو الشيخ محمد المختار الشنقيطي، مكتبة الصحابة: جدة،ط٢، ١٩٩٤م،

١٠) أحمد شرف الدين ، الأحكام الشرعية للأعمال الطبية ، ط٢،١٩٨٧ .

١١) أبو دا ود لسليمان بن الأشعث الأزدي السجستاني ، سنن أبي داوود، دار الكتب العلمية الطبعة الثانية ١٤٢٤ ﻫ– ٢٠٠٣ م،

١٢) محمد بن عيسي الترمذي السلمي، الجامع الصحيح سنن الترمذي ، دار إحياء التراث العربي: بيروت.

١٣) أخلاق الطبيب رسالة لأبي بكر محمد بن زكريا الرازي إلي بعض تلاميذه ، مكتبة التراث: القاهرة،ط١، ١٣٩٧ ﻫ-١٩٧٧ م.

١٤) بد الرحمن بن أبي بكر، جلال الدين السيوطي ، الجامع الصغير، شركة الفا للنشر ، القاهرة، ط١،٢٠٠٨م.

١٥) براهيم بن موسى بن محمد اللخمي الغرناطي الشهير بالشاطبي ، الموافقات، دار ابن عفان، ط١، ١٩٩٧م، ، .

١٦) تاريخ ابن خلدون، للعلامة عبد الرحمن بن خلدون المغربي ، دار الكتب العلمية ، ط١، ١٤١٣ ﻫ - ١٩٩٢ م.

١٧) حمد بن إسماعيل بن صلاح بن محمد الحسني، الكحلاني ثم الصنعاني، سبل السلام، دار الحديث:بيروت.

١٨) زكي شمس محمود، لمسؤولية التقصيرية للأطباء في التشريعات العربية (المدنية و الجزائية)، مؤسسة غيور للطباعة :دمشق، ط١٩٩٩،١.

١٩) شرف الدين أحمد ، مسؤولية الطبيب، ذات السلاسل ، الكويت.

٢٠) شمس الدين، محمد بن أحمد الخطيب الشربيني، مغني المحتاج إلى معرفة معاني ألفاظ المنهاج: دار الكتب العلمية ، بيروت، ط١٩٩٤،١.

٢١) صلاح الدين محمد أبو الرب، الطب والصيدلة عبر العصور"، تاريخ، الأهليّة للنشر والتوزيع، عمّان، ١٩٩١م.

٢٢) عبدالقادر عودة ، التشريع الجنائي الإسلامي مقارناً بالقانون الوضعي ، دار الكاتب العربي، بيروت،.

٢٣) علي بن عبد الكريم بن طرخان بن تقي الشيخ علاء الدين أبو الحسن بن مهذب الدين الحموي ، الأحكام النبوية في الصناعة الطبية ، شركة مكتبة ومطبعة مصطفى البابي الحلبي وأولاده: القاهرة، .

٢٤) كنعان لأحمد، الموسوعة الطبية الفقهية، دار النفائس، بيروت،٢٠٠٠م.

٢٥) مالك بن أنس بن مالك بن عامر الأصبحي المدني ، الموطأ، دار إحياء التراث العربي، بيروت ، 1985م ، .

٢٦) محمد بن أحمد بن أبي سهل شمس الأئمة السرخسي ، المبسوط، دار المعرفة للطباعة والنشر : بيروت، ١٤١٤ ة – ١٩٩٣ .

٢٧) محمد بن أحمد بن عرفة الدسوقي المالكي ، حاشية الدسوقي على الشرح الكبير.

٢٨) منصور بن يونس بن إدريس البهوتي ، شرح منتهى الارادات، عالم الكتب: ، ط١، ١٩٩٣م.

٢٩) منصور بن يونس بن صلاح الدين ابن حسن بن إدريس البهوتى ، كشاف القناع عن متن الإقناع ، دار الكتب العلمية : بيروت،

٣٠) نيل الأوطار لمحمد بن علي بن محمد الشوكاني، دار الحدىث :ط٤، ١٤١٧ ه - ١٩٩٧ م.

٣١) وهبة الزحيلي، أصول الفقه ، المطبعة العلمية، دمشق ،ط٢، ٢٠٠٦م.



## Abstract

This research talks about doctors ’errors and the position of Islamic law on this issue, it sheds light on the doctor’s responsibility, with the distinction between them and the doctor’s fault and his responsibility for the error during the patient’s treatment and surgical procedures.

In this research, it also discusses definition on the meaning of medicine, the rule of studying it, and the rule of medication, and about medical responsibility pre-Islamic period and under Islamic rule. The investigations of doctor’s responsibilities as determined in the Islamic law. and the research dealt with the conditions for including doctors in Islamic Law and I have shown how the Sharia preceded the ground laws in including the doctor and talking about the conditions for its inclusion, and this indicates the inclusion of Sharia and its treatment of human issues in every time and place. The research concluded concluding, summarizing the results of the research and mentioning the recommendations.


**Keywords:** doctors ’errors, Islamic law, doctor’s responsibility.